www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 0:25 8-3-2007

## وەڵامێكی پشتگیری بۆ. . . خەبات لاوباخ. . و تەواوی ئەوانەی وەک ئەو بیر دەکەنەوە ... کاوە شێخ حەسەن

لە ناخی دڵمانەوە، وەك كوردێكی دڵسۆز، دەست خۆشی لەم جۆرە پەیامەی بەڕێزتان دەكەین كە بریتیە لە كاركردن بۆ دامەزراندنی "دەزگای پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی" كە ئیمڕۆ وەك جەنابتان ئاماژەتان پێداوە، یەكێكە لە پێویستیە بنەڕەتیەكانی گەلی كوردی ستەمدیدەمان، بەو هیوایەی ببێتە بنەمایەك و لە داهاتوویەكی نزیكدا شەقامێكی زیندووی كوردان بە پێكهاتەیەكی دروست بێتە كایەوە و داكۆكی لە مافە نەتەوەییەكانی بكات و پتر لەوەش نەوەی داهاتوومان دور بخرێتەوە لە شەڕی خۆ كوژی و ئاییندەیەكی پرشنگداری بۆ مسۆگەر بكرێت. بەڵام پێم باشە، بەڕێزتان پێتان وا نەبێت پرۆژەیەكی لەم جۆرە بە تەنها دوژمنی دەرەكی هەبێت، بەڵكو كارەساتەكە لەوەدایە ئەوانەی كە بانگەشەی كوردایەتی دەكەن زیاتر دژی ئەم جۆرە بیرۆكەیەی بەڕێزتانن و هۆكەشی زۆر ئاشكرایە، ئەویش ئەوەیە ئەم هەنگاوە دەبێتە كۆسپێكی گەورە لە بەردەم گەندەڵچیان و فیوداڵە مۆدێرنەكان، كە لە ژێر سایەی پارتی نەتەوەیدا توانیویانە قۆرخی دەستەڵاتی سیاسی و ئابوری بكەن و كوردایەتیەكەی ئێستا و ڕابردووشیان بە نرخێكی خەیاڵی بەو میللەتە هەژار و ژێردەستەیە دەفرۆشنەوە! بێگومان لە بەرژەوەندی بازرگانانی شەڕ و دەستەڵاتدارە سەرمایەدارە مشەخۆر و گەندەڵەكان نیە (جا لە هەر پارتێكدا بن) گەلی كورد برەو بە هەستی نەتەوەیی ڕاستەقینەی خۆی بدات، چونكە ئەمەی دووایی بە تەدریجی هیچ مانایەك بۆ ئینتما بۆ فلانە حزب و فلانە بنەماڵە و هۆز ناهێڵێتەوە كە بازرگانی پێوە بكرێت، بەمەش كورد لە ڕووی فیكرەوە دەچێتە پێشەوە و دەبێتە خاوەنی چەندەها پرۆژەی فیكری و نەتەوەیی و نیشتمانی و چی تر بە عاتیفە بیر ناكاتەوە و ئینتمای كوێرانەی نابێت بەڵكو بە مێشك بیر دەكاتەوە و دەبێتە خاوەن عەقڵێكی ئازاد و لە داهاتوویەكی نزیكدا دەچێتە ڕیزی گەلانی پێشكەوتووەوە، ئەوسا شان بە شانی چەندەها پرۆژەی نیشتمانی دیكە شەقامی كوردی دەبوژێتەوە و ئەكتیڤ دەبێت، بەڵام بەڕێزان لەبیرتان نەچێت بۆ ئەم پرۆژە گەلە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان پێویستیان بە هاریكاری هەموو لایەكە لە دەرەوە و ناوەوەی كوردستان، بە تایبەتی خەڵكانی ڕوناكبیر و ڕۆشنبیرانی بە ئینساف و بابەتی، نەك كۆلكە ڕۆشنبیرە هەلپەرستەكان و ڕۆشنبیرانی دەستەڵات كە لە چەواشەكاری زیاتر هیچیان پێ نیە بۆ گەل و نیشتمان. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان وەك خەمخۆرانی ڕاستەقینەی گەل لە كوردستانی باشوور بۆ جارێكی دیكە دەست خۆشی لە بەڕێزتان و نموونەی وەك جەنابتان دەكەین و ئامادەین بۆ هەموو هاوكاریەك، بە بێ هیچ جۆرە منەتێك، چونكە ئەم جۆرە جوڵاندنەوەیە هەر بۆ خۆمان و نەوەكانی داهاتووی خۆمانە، دەی دەبا دەست پێبكەین بە گیانێكی خۆ نەویست لە پێناو بەرژەوەندی گشتی كورد و كوردستان. لە كۆتاییدا، هەر ئەوەندە دەڵێم، پەیام و داواكاری بەڕێزتان بۆ دامەزراندنی ئەو جۆرە دەزگایە دروستە و لە جێگای خۆیدایە و بێگومان زادەی دڵسۆزیتانە كە لە هەندەرانیش خەمخۆری میللەتەكەتانن، ئەوە جێی شانازیە بۆ ئێمە، بەڵام بەڕێزتان داواتان لە حكومەت و پەرلەمان كردووە ئەم جۆرە دەزگایە پێك بهێنن، بە داخەوە ئەمەیان لە جێگای خۆیدا نیە، چونكە نە پەرلەمانەكەمان ئەكتیڤە و نوێنەری ڕاستەقینەی گەل بێت و نە حكومەتەكەشمان دامەزراوییە و دوربێت لە مەحسوبیەت، بۆیە گەر ئەو دوو دەستەڵاتە هەڵسن بەو كارە هیچ لە مەسەلەكە ناگۆڕێت و لە دەزگایەكی ڕۆتینی و حیزبی زیاتر هیچ بەرهەم ناهێنێت، لەگەڵ ڕێزماندا، بۆیە من پێم وایە، دەبێت ئەو دەزگایە لە ناخی گەلەوە هەڵقوڵێت،



ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڵام چۆن؟ ئەوە هەروا کارێکی ئاسان نیە وچەندەها دیراسەت توێژینەوەی دەوێت، بەڵام مەحاڵیش نیە و دەبێت بە هەر نرخێك بووە ئەم واقیعەی ئێستا بگۆڕدرێت بۆ ئەوەی نەکەوینە بەر نەعرەتەی نەوەکانی داهاتوومان و مێژووش ڕەحم بە کەس ناکات. تکایە با بەردەوام بین لە بیر کردنەوە و پەیوەندیکردن، هەربژین بۆ کورد و کوردستان.

کاوە شێخ حەسەن
کوردێکی دڵسۆز /هەولێر
2007/3/7
Kawahassan4@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.